هەرایەک.. دوور لە کوردستان..؟

لەنەرویج بەدەگمەن ئاهەنگێکی کورد بەهێمنیو بەبێ شەڕە چەقۆ تێدەپەڕێت، ئەوان دوکانی یەکتر دەسوتێنن، چێشتخانەو چایخانەو کلوبەکانیان بوونەتە جێی تاوانکاریو چەندین گەنجی کوردیش لەزیندانەکانی ئەو وڵاتە توندکراون لەسەر ئەوەی تاوانی کوشتنو ماددەی بێهۆشکەرو چەقۆوەشاندنو بەزۆرلاقەکردنی ژنانو دزینیان بەسەردا ساغ بووەتەوە، میدیای نەرویجیش بەشێوەیەکی زۆر خراپ باسی کورد دەکات



■ ئا: شوان حەمە
hamashwa.awene@yahoo.no

بابەت

هەرجارێک کورد لەفۆرمێکی نەخوازراودا ئەبێتە بابەتی میدیاکانی نەرویج، کوردەکانی ئەم وڵاتە دەبنە دوویەشی سەرەکی.. بەشی یەکەم پێیوایە کەمیدیای نەرویجی، میدیایەکی ڕاستگۆ نیەو بەمەبەستەوە دەیەوێت ناوی کورد بزڕێنێت!، تا بەم شێوەیەش ئەو تاوانکارییانەی نەرویجیەکان لە وڵاتی خۆیان ئەیکەن، پەردەپۆش بکرێت. بەشی دووەم کە زۆرینەی کوردەکانی نیشتەجێی نەرویجن، دەڵێن ئەو تاوانکارییانەی لێرە بەناوی کوردەوە دەکرێت، سەرباری ئەوەی کاری تاوانکاریو دژی مرۆڤن، کاریگەری خراپیش لەسەر ناوی کورد دادەنێت.

دوو نموونە..مشتێک لە خەروارێک!

نموونەی یەکەم: لە ئۆسلۆ دوو نانەواخانە هەیە،خاوەنەکانی کوردن. هەردوو نانەواخانەکە لە دوو کاتی جیاوازدا سوتێنراون. هەرلایەک ئەویتری بە سوتاندنی نانەوخانەکەی خۆی تاوانبارکردووە. دووجار شەڕی گەورە ڕوویداوەو، چەندین کەسی تیادا بریندار بوون، چەند کەسێکیش سزا دراون، چەندیکەش چاوەڕوانی بڕیاری دادگان.. نانەواخانەیەک بە بڕیاری پۆلیس داخراوە، دەنگوباسی ئەوەش هەیە کەسێک لە بەشداربووانی ئەم کێشەیە، گەڕاوەتەوە کوردستان.

نموونەی دووەم: سەرۆکی پارتی ڕاستی نەرویجی کە لە حکومەتی پێشوودا وەزیری شارەوانیەکان بوو، دوو جار هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. پاش ئەوەی پۆلیسی نەرویجی سەرچاوەی هەڕەشەکانیان دۆزییەوە، دەرکەوت کە هەردوو کەسەکە کوردن! ماوەیەک لەمەوبەر میدیاکانی نەرویج بڵاویانکردەوە کە یەکێک لەو دووکەسە بەزۆری پۆلیسی نەرویجی، ڕەوانەی کوردستان کراوەتەوە.

ئەم کێشانە پەیوەندیان بە ئێوەوە نییە!

کەم نین ئەو گەنجە کوردانەی ئەمڕۆ سزدراونو لە زیندانەکانی نەرویجدان. ئەوانەی چاوەڕوانی زیندان ئەکەن، ئەوانەی سزاکانیان تەواوکردووەو هیچ لایەنێک ئامادەنییە دەرفەتی ژیانێکی نوێیان بۆ بڕەخسێنێت. هەروەها چەندین کێشەی تر کە ئەمڕۆ لە دادگاکانی نەرویجدانو بڕیاریان لەسەر نەدراوە. ئەمانە بەشێکی کەمی کێشەگەلێکن کە ژێراوژێر ڕووئەدەنو دەزگابەرپرسەکان ئاگاداری نین. نابێ ئەوشمان لەبیربچێ، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژەدا، دووکەس بەناوەکانی (پ)و (ئ)،کە هەریەک لەم دوانە چەند کەسێکیتریان بەدەورەوەیە، بە توندی هۆشداریان دایێ کە ئەم کێشانە پەیوەندیان بە ئاوێنەوە نییە، بۆیە ئەوان بێدەنگنابن لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵو بەدواداچونێکی ئاوێنە دەربارەی ئەم کێشانە.

مەڵبەندی کوردی..؟

لە ئۆسلۆدا چەندین چێشتخانەو چاخانە هەیە گوایە ئەمانە مەڵبەندی کوردین. بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە، ئەم مەڵبەندانە هیچ جۆرە کارێکی کلتوریان تێدا ناکرێت. تەنانەت وەک چێشتخانەش، بۆ نموونە نەکفتەی سابونکەران دروست ئەکەن، نەترخێنە..

"هیوادارم هەموو کێشەکان نەخرێتە پاڵ چێشتخانەکان، هەموو مەڵبەندەکانیش وەک یەک سەیر نەکرێن. لە ئاهەنگە حیزبیەکاندا شەڕو شەڕەچەقۆ ڕوویداوە، لەماڵاندا کاری خراپ کراوە، چەندین گەنجی کورد ئێستا لە زیندانەکانی نەرویجدان. ئەمانەو زۆر ڕوداوی ناخۆشی تر.. میدیاکانی نەرویج باسیانکردوونو لە چێشتخانەکانیشدا ڕوویان نەداوە، کاکە خۆ پێش کردنەوەی ئەم مەڵبەندانەش شەڕکردن هەر هەبووە".

بەم شێوەیە محەمەد کە لەناو کوردەکانی ئۆسلۆدا بەعادل ناسراوە داکۆکی لەمەڵبەندەکەی کرد. ئەو پێیوانییە کە شەڕو شەڕەچەقۆ لە ئۆسلۆدا قەدەری کورد بێت و دەڵێت "پێویستە هەموومان خۆمان بەبەرپرسیار بزانین".

پاش چوارساڵ زیندان

کاوان یەکێکە لەو گەنجە کوردانەی پاش چوارساڵ زیندانیکردن، ئێستا وەک خۆی ئەڵێت فڕیدراوەتە سەرشەقامەکان. ئەو بەسەرهاتەکەی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە "من پێش گرتنم ڕۆژانە ١٢ کاتژمێر کارم کردووە. ئێوارەیەک برادەرێک سەردانیکردم، ڕۆژی دواتر تەلەفونی بۆکردمو وتی ١٠٠ گرام مادەی بێهۆشکەری لەماڵەکەمدا بەجێهێشتووە، کە من پێشتر ئاگاداری نەبووم. هەمانکات پۆلیس هاتنو منیان گرت. پاشان دادگا بەچوارساڵ زیندانی سزایدام".

پاشان سەبارەت بەهەلومەرجی زیندان ئاماژە بەوە دەکات کە "٢٤ کاتژمێر بەڕووتی فڕێیان داوەتە ژوورێکەوەو ٩ مانگ لەژووری تاکەکەسیدا بووەو دەڵێت "پاش چوار مانگیش بۆ یەکەمجارو بۆ ماوەی هەژدە دەقیقە سەردانم کرا".

ئەو لەکاتێکدا کەهیواخوازە هیچ گەنجێک توشی ئەو جۆرە هەڵانە نەبێت، دەڵێت "گەر نەرویجییەک بگیرێت یەکجار سزایئەدەن، بەڵام من چەندینجار سزادراوم. ئێستا من هیچ مافێکم نییە لەم وڵاتەدا، تەنانەت بۆم نییە بچمە دەرەوەی شاری ئۆسلۆش. پێیان وتووم بڕۆرەوە بۆ وڵاتی خۆت! بەڵام من ئەمەوێت لێرە بژیمو جارێکیتر دەرفەتی ئەوەم بدەن ژیانێکی ئاسایی بەرمەسەر، تا بتوانم تێکەڵ بەم کۆمەڵگەیە بم".

پارتە سیاسییە کوردستانیەکان لە نەرویج

زۆرێک لەکوردەکانی نەرویج ڕەخنەیان لەپارتە سیاسییە کوردستانیەکانی نەرویج هەیە، بەکەمتەرخەمو تارادەیەک بەرپرسیاریان دەزانن لەم دۆخە. لەپەیوەندیی ئاوێنەدا وتەبێژانی حیزبەکان داوای بڵاوکردنەوەی ناوی لایەنە سیاسیەکەیان کرد نەک ناوی خۆیان.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێیوایە هۆیەکی سەرەکی ئەم کێشانە تێکەڵبوونە بە کلتورێکی نوێو دەڵێت "بەداخەوە ئەو گەنجە کوردانەی ئێستا لەزیندانەکانی نەرویجدان، دوورکەوتونەتەوە لەڕەوشتی بابو باپیرانمان. بەڕاستی جاریوایە ڕووماننایەت بڵێین کوردین. لەئۆسلۆدا دوو مزگەوت هەن کە کوردەکان ڕوویان تێدەکەن، بەڵام لێرە گەنج ڕووناکاتە مزگەوت".

حیزبی شیوعی کوردستان پێیانوایە چارەسەری ئەم دۆخە لەدەستی یەکێتیو پارتیدایەو ئاماژە بەوە دەکات کە "یەکێتیو پارتی مانگانە پارە لەو چێشتخانانە وەردەگرن"و دەڵێت: "بەڵێ ئێمە دڵنیاین لەڕاستی ئەو زانیاریانە. پاشان یەکێتیو پارتی ئەبێ بپرسن چۆن لەپڕ کەسانێک دەوڵەمەند ئەبن".

پەکەکە دەپرسێت "گەر ئێوە ئەزانن ئەندامێکی ئێمە کارێکی خراپی کردووە، پێمان بڵێن تا لێیان بپرسینەوە". پاشان هێما بۆ ئەوە دەکات کە کاتێک تەلەفزیۆنەکانی نەرویج باس لەکورد ئەکەن، ناڵێن ئەندامی فڵان حیزب، دەڵێن کورد".

وتەبێژی پەکەکە لەنەرویج دەڵێت "لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین کە پەیوەندیمان لەگەڵ کوردەکانی ئێرە، بەتایبەت لەگەڵ یەکێتیو پارتی زۆر باش نییە. بەداخەوە کوردی باشور لەسەدا حەفتا.. لەسەدا هەشتا خەریکی کاری خراپن، بەشێک لەم کارانەش لەڕێگەی چەند چێشتخانەو چایخانەیەکەوە ئەکرێت. تەنانەت هەندێکجار دێت بەخەیاڵماندا، خۆمان لایەنە بەرپرسەکانی نەرویج ئاگاداربکەینەوە".

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێن "ئێمە دووراودوور چاومان لەڕووداوەکانە کە جێگەی داخن". سەبارەت بەو پرسیارەی کە دووراودوور بۆ، مەگەر لای ئێوە شەڕ ڕوویناداوە؟ دەڵێن "دووساڵ لەمەوبەر ئاهەنگی یادی کۆمەڵەمان هەبوو، بەداخەوە بەهۆی شەڕێکەوە ناچاربوویین کۆتایی پێبێنین. بەڵام ئەم ئاهەنگە کراوەبوو بۆ هەموو کوردەکان. بەداخەوە ئێستا هەندێک ساڵۆن ئەڵین ساڵۆن نادەین بەکورد! بۆیە لەگەڵ چەند پارتێکی سیاسی نەرویجیدا خەریکی کارکردنین بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەم کارە تاوانکاریانە".

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەو ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لەوڵاتی نەرویژدا ڕوویئەدەنو ناوی کورد ناشیرین ئەکەن و مەحکوومی دەکەن. لەوەڵامی ئەو کە ئێوە خۆتان بەبەرپرسیار نازانن؟ وتەبێژەکەیان دەڵێت "ئێمە وەک حیزب لەهیچ کام لەو کێشانەی ڕوویانداوە، خۆمان بەبەرپرسیار نازانین. هەروەها کەسێک ناناسین کە دەستی لەنانەوەی ئەو ئاژاوانەدا هەبێو پەیوەندی بەحیزبی ئێمەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارمان هەیە بۆ چاککردنی ئەم دۆخە".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێن "ئێمە وەک یەکێتی قبووڵناکەین خەڵکانی یەکێتی بەتایبەت، کوردەکانیش بەگشتی خراپەکاری بکەن. بەڵام تێشدەگەین بۆ ئەمجۆرە کارانە ڕووئەدات!"

هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ "نەبوونی بڕیاری نیشتەجێبوون، دووری لەخزمو وڵات، باری خراپی ئابووریو جیاوازی کلتوری"و دەڵێن " لەڕیگەی سوڵحی عەشایەریشەوە هەندێک کێشەمان چارەسەر کردووە، لەڕیکخستنەکانیشدا چالاکی ڕۆشنبیریمان هەیە".

دەربارەی ئەوەش کە "وا باسە یەکێتی پارە لەمەڵبەندە کوردیەکان وەردەگرێت" دەڵێن "پێشتر ئیدارەی یەکێک لەمەڵبەندەکان لەدەست ئێمەدا بوو، بەڵام ئێستا پەیوەندی بەئێمەوە نەماوە".

لەلایەکی تریشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان تەکئید لەوە دەکەنەوە کە "ئەوان یەک کرۆن، یەک دۆلار، یەک دیناریان لەهیچ مەڵبەندێک وەرنەگرتووە"و دەڵێن "چەند ساڵێک لەمەوبەر مەڵبەندێکی خۆمان هەبوو چالاکی کلتوری تێدا ئەکرا بەڵام شەڕی ناوخۆ ئەو مەڵبەندەی لێتێکداین".

ئەوان ئاماژە بەوە دەدەن کە "بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە شلۆقە پێشنیاری دروستکردنی فیدراسیۆنێکمان کردووە". بۆ ئەوەی کە نەشیانتوانیوە کاری بۆ بکەن، دەڵێن "خۆتان دەزانن ئەم ماوەیە پشووی هاوین بوو".

لەپێشمەرگایەتیەوە بۆ زانکۆی ئۆسلۆ

شنۆخان ژنێکی پێشمەرگەو هاوسەری پێشمەرگەیەکی شەهیدە، پاش نیشتەجێبوونی لەنەرویج، توانی زانکۆ تەواوبکات، وەک هەر کەسێکی ئەکتیڤی کۆمەڵگە ئەرکو مافەکانی خۆی بناسێت. ئەو پێی وایە "گەر مرۆڤ بیەوێت خزمەتی وڵاتی خۆی بکات، لە کوردستان بێت یان لەوڵاتی تر، دەتوانێت بۆ هەمان ئامانج بجەنگێت، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر". شنۆ دەڵێت "ڕاستە کەسانێک بەرپرسن لەوکارە خراپانەی لێرە ئەکرێت، بەڵام بمانەوێت یان نا، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کورد داناوە، لەم ڕووەوە حیزبە کوردستانیەکانیش ئەتوانن هەڵمەتێکی کۆمەڵایەتی بکەن بۆ بەرگرتن لەم کارانە، چونکە ئەرکی حیزب تەنیا ئەرکێکی سیاسی نییە".

کلتور یان دابڕان لەکلتور

دکتۆر حاجی ئاکمان مامۆستایە بەپلەی دکتۆر لەزانکۆی بێرگن. لەوەڵامی ئەوەی کە ڕەوانەکردنی ئەم وێنە نەخوازراوە لەسەر کورد بۆ ڕۆژنامە نەرویجییەکان، هۆکەی کلتووریە یان دابڕانە لە کلتور؟ دەڵێت "ئەوەی من لەڕۆژنامەکانی نەرویجدا ئەیبینم، زیاتر باس لەکلووبە کلتوریە کوردیەکان ئەکات، وەک جێیەک بۆ تاوانکاری (کرمینالی). بەڵام ئاشکرایە ئەمجۆرە شوێنانە ساختەنو پەیوەندیان بەکلتورەوە نییە. ئەوەی ئەکرێت کاری گرووپەکانە، هۆی ئەمەش نەکلتوریە نەدابڕانە لەکلتور. ئەو گرووپانە لەدەرەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکانو یاساکانی دەوڵەت کارئەکەن. لەم حاڵەتەدا ئەم گرووپانە کۆمەڵێک یاساو پێوەری تایبەت بەخۆ دروست ئەکەن، ئەمەش لەسەر بناغەی بەرژەوەندیو پێکهێنانی سەرمایەی تایبەت بونیاد ئەنرێت. ئەم بەرژەوەندیانە کورتماوەن، هەر بۆیە پێکدادانی ناوخۆیی لەنێوانیاندا دروست ئەبێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەمجۆرە گرووپانە بەهێچ شێوەیەک ناتوانن لەمجۆرە کارانە لەکوردستان ئەنجامبدەن".

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە وەک کوردێک چەند هەوڵتداوە بۆ ناساندنی کلتوری کوردی لەوڵاتی نەرویج، لەوانەش سازدانی کۆنفرانسێک بۆ دیالۆگی کوردی سکەندناڤی کە سێ ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەچوو. پێتوانییە تیشکی میدیای نەرویجی بۆ سەر کوردەکان بەمشێوە نێگەتیڤە، لەهێزی کارەکانی تۆ کەم ئەکاتەوە؟ دکتۆر ئاکمان دەڵێت "بەبڕوای من خراپەکردنی کەسانیتر کاریگەریی لەسەر کارەکانی من دانانێت، چونکە لەوجۆرە گرووپانە لەناو نەتەوەکانی تریشدا هەن، تەنانەت لەناو نەرویجیەکانیشدا".

لەوەڵامی ئەوەشدا کە بۆ میدیای نەرویجی ئەمجۆرە بابەتانە ئەخەنە ژێر تیشکەوە، کەچی کۆنفرانسەکەی تۆ باسناکەن؟ دکتۆر ئاکمان دەڵێت "چونکە کارەکەی من کلتوریە. کاتێک میدیاکانی نەرویج تاووتوێی بابەتە تاوانکارییەکان ئەکەن، لەبەرئەوە نییە دژی کوردن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەم بابەتە تاوانکارییانە، بەهەڕەشە ئەزانن بۆ سەر کۆمەڵگەکەی خۆیان".

دەنگێک..؟

ڕێکخراوی "ئێس ئۆ ئێس"ی نەرویجی، گەورەترین ڕێکخراوی دژ بەڕاسیزمە لەئەورووپا. گرووپی کوردی لەم ڕێکخراوەدا چالاکنو تاڕادەیەک ناسراون. ئیدریس عەزیز کە کەسێکی چالاکی گرووپی کوردی ناو ئەو ڕێکخراوەیە بەئاوێنەی ڕاگەیاند "لیستی ساڵانەی تاوان و زیندانەکان لەنەرویج، ئاگادارمان ئەکەنەوە کە ئێمەی کورد لەنەرویج لەبەرابەر چ مەترسیەکداین".

ئیدریس دەڵێت "سەرەتای ئەمساڵ لەساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەئۆسلۆ، دەیان میوانی نەرویجی وەک یان بۆڵلەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری نەرویجی، کە گەورەترین پارتی نەرویجیەو ئێستا حکومەت بەڕێوە ئەبات، هەروەها چەندین کەسایەتی گرنگی سیاسیو کلتوری نەرویجی ئامادەبوون، بەداخەوە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوویدا! ئێمە ئەوکات بانگەوازێکمان بڵاوکردەوە بەناوی (تاوان ناسنامەی نییە، با بێدەنگی بشکێنین)، داوای هەڵوێست وەرگرتنمان کرد، ئامادەیی خۆشمان ڕاگەیاند بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان. بەڵام بەداخەوە بێجگە لەڕێکخراوی کۆمەک هیچ لایەنێک تر گوێی لێنەگرتین".

هەروەها ئیدریس عەزیز دەڵێت "ئەمەی ئێستا (ئاوێنە) ئەیکات دەستپێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانەییە کە بەبڕوای ئێمە کاریگەری پۆزەتیڤ لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی ئایندە دائەنێت. لەڕێی ئاوێنەوە داوائەکەین ئەوانەی تاوانی کوشتن، ماددە بێهۆشکەرەکان، چەقۆ وەشاندن، لاقەکردنی ئافرەتان، دزینو چەندین کاری خراپیتر بەسەریاندا ساغدەبێتەوەو لەناو ڕیزی ئەم پارتە سیاسیانەدان دەربکرێن. هاوکات ئێمە پێویستمان بەلێکۆڵینەوەی پسپۆڕان هەیە لەم بوارەدا، تا بگەینە چارەسەرێکی زانستی. باسمانکرد کە ئێمە ئامادەین بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان سەبارەت بەم دیاردە ترسناکە".

شارستانیبوون..

لە ئۆسلۆدا گرووپە کلتوریەکانی وەک تامیلی، سۆماڵی، ئەفغانی، فەلەستینی، پاکستانی، هیندی، ڤێتنامی، کەمبودیو زۆرێکیتر لەنەتەوە جیاجیاکان، سەرگەرمی ئەنجامدانی چالاکی کلتورین. ئامانجی سەرەکی ئەم گروپە کلتوریانەش: یەکەم: پاراستنو بەردەوامبوونە لەگەڵ زمانو بۆنە نەتەوەییو ئاینییەکانی خۆیان، بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو بەهاوکاری لایەنە بەرپرسە نەرویجیەکان. دووەم: نزیکبوونەوەی زیاترو تێکەڵبوون بەکۆمەڵگەی نەرویجی. واتە بینینی ڕۆڵێکی شارستانیو کاریگەر بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی فرە کلتوری لەنەرویجدا. مەخابن کورد لەنەرویج تاڕادەیەکی زۆر لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیەیە.

ماوەتەوە بپرسین: ئەبێت خواستی قەدەر بێت، کورد لەنەرویجو ئۆسلۆی پایتەختی نۆبڵی ئاشتی جیهانی، ئەم وێنەیە نەخوازراوە بەدەستی خۆی بۆ خۆی ئەکێشێت؟ ئایا ئەمە تەنیا کاری چەند گەنجێکی کوردی بێ هیواو ئایندەیە؟ یان وەک بێشکچی ئەڵێت "لاوازی هەستی کوردبوونە لەناو کوردان خۆیاندا؟"

لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ

ڕۆژنامەی Aftenposten ی نەرویجی وێنەی کوردێک لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاوەکاتەوە کە لە ئۆسلۆ بە چەقۆ پێکراوە

لەهەڵبژاردنی سویددا کورد خاوەنی کاری هاوبەش نییە

جەبار ئەمین کاندیدی پەرلەمانی سوید بۆ ئاوێنە

جەبار ئەمین:
من لەدایکبوی شاری سلێمانیم، بیست و پێنج ساڵە لەسویدم، کۆلێجی زانستی، بەشی ماتماتیکم خوێندووە لەزانکۆی ئومیۆ، هەروەها ماستەرم تەواوکردووە لەزانستی سیاسی لەهەمان زانکۆ. پێنج ساڵ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ژینگەی سەوزی سویدی بووم. ساڵی ٢٠٠٤ کاندیدی پەرلەمانی ئەوروپی بووم. ئێستا ئەندامی ئیحتیاتی پەرلەمانی سویدیم. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دەزگای کۆچبەرانی سویدم. ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی شاری ئومیۆم لەباکوری سوید. وەکو کار بەرپرسی سەنتەری دژ بەجوداکردنەوەی نایاساییم لەهەرێمی ڤەستەریۆتن لەباکوری سوید. من بیست ساڵە وتاری سیاسی سەبارەت بەداکۆکیکردن لەمافی ڕەوای خەڵکی کوردستان لەڕۆژنامە سویدییەکان دەنوسم.

■ ئا: ئاوێنە

***ئایا تا چەند گەشبینیت بەبەشداری فراوانی کوردەکانی نیشتەجێی سوید لەدەنگداندا؟**

- زۆر گەشبینم بەبەشداری خوشکان و برایانی کورد لەهەڵبژارنی پەرلەمانی سویدا. وا چاوەڕوان دەکرێ کە ڕێژەی دەنگدان ئەمجارە زۆر بەرزتر دەبێت وەک لەجاران پێشوو.

***ئەوەی جێی سەرنجە لەم هەڵبژاردنەدا نزیکەی چل کاندیدی کورد هەن، ئایا دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە بڵێین کورد لە هەنگاوناندایە بەرەو ئەوەی ببێتە لۆبییەکی کارا لەم وڵاتەدا؟**

- تاکو ئێستا من لەلێکۆڵینەوەی خۆمدا ٣٢ کاندیدی پەرلەمانی سویدو ٢٩ کاندیدی ئەنجومەنی هەرێمو ٦٧ کاندیدی ئەنجومەنی شارەوانیم پەیدا کردووە (کە کوردن). ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو، لەخۆیدا ئەمە مایەی خۆشحاڵییە، بەڵام ئەمە هێشتا لەخۆیدا ناکرێ ناوی لێبنێی لۆبی، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەوەناچێ هیچ کام لەم کاندیدانە بەپلانی ڕێکخراوەیی بووبن بەکاندید، بەڵکو هەوڵی کاندیدەکان خۆیان بووە. ئەم کاندیدانە بەشی هەرە زۆریان ئاگایان لەیەک نەبووەو پێشم وانییە هیچ کام لەئێمە کە کاندیدین زانیبێتمان ئەمساڵ ئەوەندە کاندیدمان هەیە. هەروەها تاکو ئێستا ئێمە هیچ کارێکی هاوبەشمان نەکردووە. دەتوانین بڵێین کە ئەم ژمارە زۆرو هاوچەشنە دەکرێ کەڵکی لێوەربگیرێت لەکاتی هەنگاونان بۆ هێنانە ئارای لۆبیەکی کوردستانی لەسوید. من خۆم چەند ساڵێکە لەگرنگی هەنگاونان بەرەو هێنانە ئارای لۆبیەکی کوردستانی لەسویدو وڵاتانی ڕۆژئاوا دەدوێمو لەگەڵ چەند لایەنێک دواومو چەند دانیشتنێکم بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام داوە، هەر بۆیەش بوونی ئەم چەند کاندیدە، هەرچەندە بەشێکی زۆرمان هەر کاندیدینو لەوانە نییە سەرکەوتن وەدەستبهێنین، دەکرێ ببنە فاکتەرێکی گرنگ کە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

***ئاماژە بەگرنگی هەنگاونان بەرەو هێنانە ئارای لۆبییەکی کوردستانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن، دەکرێت ئاماژە بەخاڵە گرنگەکانی ئەم لۆبییە بۆ کوردستان بکەن؟**

- بوونی لۆبییەکی وا لە خۆیدا پشتگیرییە بۆ خەڵکی هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە یەکێک لەکارە سەرەکییەکانی لۆبییەکە دەکرێ دۆزینەوەی مەتودی تازەبێت بۆ گواستنەوەی خەباتی دیموکراتی ڕەوەندی کوردییە بەرەو پێشەوە، ئەویش بەمەبەستی پتەوو فراوانکردنی پشتگیری سیاسی سەنتەرەکانی دەسەڵات لەهەندێ لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ دۆزی کورد. بەبڕوای من چەند هۆیەک هەبوون کە بوونەتە مایەی نەهاتنە ئارای تا ئێستای لۆبییەکی وا، یەکێک لەوانە بیرکردنەوەمان بووە لەم شێوازانەی خەبات. بۆ نموونە دەساڵ لەمەو بەر کەس ئەم باسەی نەهێناوەتە ئارا. هۆیەکی تر نەبوونی ویستێکی گەرم بووە کە کاری پراکتیکی بەدواوە بێت. زۆرمان پەیڤیوین، بەڵام بۆ نموونە کەسمان کاتی تەرخان نەکردووە بۆ نووسینی پێشنیارێکی شێوەی کار لەچوارچێوەی لۆبییەکی وادا، هۆیەکی گرنگی تر نەبوونی زەمینەیەکی ئابووری بووە.

***باشە دابەشبوونی کورد بەسەر ئەو ژمارە کاندیدە زۆرەدا لەسوید نابێتە هۆی پرژوبڵاوبوونەوەی دەنگەکانی کورد لەو وڵاتەدا، پێتان وانییە کە پێویستە کورد بەرنامەیەکی ڕێکخراوترو تۆکمەتری هەبێت بۆ کارکردن؟**

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە زۆر بوونی کاندیدی کورد لەهەمان شاردا، لەکاتێکدا هەموویان لەجێگایەکی نادڵنیای لیستە حیزبییەکانی خۆیان بن، دەکرێ ببێتە مایەی سەرنەکەوتنی هەموو لایەک، بۆ نمونە ئەگەر لە شاری ستۆکهۆڵم ٦ کاندیدمان هەبێت بۆ پەرلەمانو هیچ کامیان لەلایەن حیزبەکەیەوە لەجێگایەکی وا دانەنرابێ لەو لیستەی هەڵبژاردندا کە بەگەرەنتی دەربچێت، ئەوە بێگومان لەکاتی نەبوونی ژمارەیەکی زۆری کورد کە دەنگدەربن ئەوە بوونی ئەو هەمووکاندیدە مەترسییەکی گەورەی هەیە کە دەنگەکانی دەنگدەرانی کورد دابەشبێتو کەس دەرنەچێ، هەربۆیەش گرنگە چ وەکو تاکە کەسو چ وەکو ڕێکخراو، بەرنامەمان هەبێت بۆ چۆنیەتی کارو بەمەبەستی گەشتن بەو ئەنجامەی کە بەلایەنی کەمەوە کاندیدێک وەسەرخەین، لەم کاتانەشدا زۆر لەناکۆکییەکانی نێوانمان وەلاخەین.